حکومەتی هەرێمی کوردستان

زانکۆی سەلاحەدین

کۆلێژی ئەدەبیات

بەشی کۆمەڵناسی/قۆناغی دووەم– کۆرسی دووەم

زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

## کۆمەڵناسی پەروەردە

## Sociology of education

# ئیمیل دورکهایم و کۆمەڵناسی پەروەردە

٢٠٢٢-٢٠٢٣


Dilshad Siamand

MSc University of Southampton/England

PHD  Salahaddin University/Hawler,

# ئامانجەکانی ئەم وانەیە بریتین لە

- دەستپێکی کاری ئیمێل دورکهایم لە بارەی کۆمەڵناسی پەروەردە
- پەروەردە و کۆمەڵگا لە ڕوانگەی ئیمیل دورکهایمەوە
- ئەو ئەرکانەی پەروەردە لە کۆمەلگەدا هەیەتی لە ڕوانگەی دۆرکهایمەوە
- ڕۆلی خێزان و مامۆستا و قوتابخانە لە پەروەردەی منداڵدا لە ڕوانگەی دۆرکهایمەوە
- سەرچاوەکان

# دەستپێکی کاری ئیمیل دورکهایم لە بارەی کۆمەڵناسی پەروەردە

- کۆمەڵناسی فەرەنسی ئیمیل دورکهایم(١٨٥٨-١٩١٧) بە دامەزرێنەری کۆمەڵناسی پەروەردە دادەنرێت
- لە ساڵی١٩٠٦دا لە زانکۆی سۆربۆن لە فەڕەنسا لە بەشی پەروەردە دەستبەکاربووە
- دۆرکهایم لە سالی ١٩١٣ دا، ناوی بەشەکەی لە پەروەردە گۆڕیوە بۆ کۆمەلناسی پەروەردە
- دۆرکهایم بۆ ماوەی (٣٠) سال کاری لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن کردووە هاوکات لەگەڵیدا کاری لە کۆمەڵناسیشدا کردووە
- دوای ڕووخانی کۆماری فەرەنسای دووەمی ناپلیۆن پۆناپارت لە سالی ١٨٧٠دا، زەمینەسازی بۆ سەربەخۆی و پێشکەوتنی پەروەردە هاتە ئاراوە. لە فەرەنسا زەمینەی دروستبوونی کۆماری سێیەم دروستبوو، لە ماوەی نێوان سالانی (١٨٧٢-١٩٤٠)، دیمۆکراسی و عەلمانیەت گەشەی سەند، دورکهایم پێیوابوو زانست و میتۆدەکانی دەبێ ڕابەرایەتی چاکسازی کۆمەلایەتی و عەلمانیەت بکەن نەک ئایین و دەسەلاتی سیاسیی

# پەروەردە و کۆمەڵگا لە ڕوانگەی ئیمیل دورکهایم

- وەکو کۆمەلناسێک لە پەروەردەی کۆلیوەتەوە، پێوابوو پەروەردە زیاتر مۆرکێکی کۆمەلایەتی هەیە و نزیکە لە کۆمەلناسی
- دورکهایم پێیوابوو هەموو کۆمەڵگەک، سیستەمێکی پەروەردەی تایبەت بە خۆی پێویستە و جیاوازتر لە کۆمەلگەکانی دیکە\ هەرکۆمەڵگەک پێکهاتە و کولتوور و سروشتەکەی جیاوازە، بۆیە پەروەردەکەشی جیاوازدەبێ
- هەر کۆمەلگەک پێویستە سیستەمی پەروەردەییەکەی وەلامدەرەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەکەبێت\ سیستەمی پەروەردەی کۆمەلگەکە گونجاوبێ لەگەل بەها و بیروباوەر و ژیانی باوی کۆمەڵایەتی کۆمەلگەکە، بەهیچ شێوەیەک پێچەوانەی نەبێ
- لە ڕووی مێژووییەوە، دروستبوونی سیستەمی پەرەوەردە پشتدەبەستێت بە ئایین، ڕێخراوە سیاسیەکان، پێشکەوتنی زانستی و پیشەسازی کۆی بوارەکانی دیکەی کۆمەلگەکە خۆی\ ئەم تایبەتمەندییە وایکردووە کە، پەروەردەی کۆمەلگایەک وەکو ئەوەی تر نەبێ و هەلگری سیفات و تایبەتمەندی هەمان کۆمەڵگای خۆیبێت
- لە توێژینەوەی (دابەشبوونی کار لە کۆمەلگەدا)، دورکهایم پێیوایە، گەشەکردنی پسۆرییەت پەیوەندی بە پەروەردەی کۆمەلگەکەوە هەیە\ ئەو کۆمەڵگەیانەی سیستەمی پەروەردەییان بەهێز بوو، دابەشبوونی کار زیاتر تێیدا ڕوویداوە، وەکو بەریتانیا و فەرەنسا و بەشێکی زۆری وڵاتە ڕۆژئاواییەکان
- پرۆسەی پەروەردە، وەکو پرۆسەکانی دیکەی کۆمەلایەتی و سیاسی بریتییە لە واقعی کۆمەلایەتی، کە ئەنجامی پێکهاتە و پێویستیەکانی کۆمەلگەیە
- لە کۆمەلگەکدا سیستەمی پەروەردە پشدەبەستێت بە بواری سیاسی، پیشەسازی و پێشکەوتنی زانستی و گۆڕانی بەسەردا دێت

# ئەو ئەركانەی پەروەردە لە كۆمەلگەدا هەیەتی لە ڕوانگەی دۆركهایمەوە

- پەروەردە، نەوەی نوێ فێری پرۆسەی بەكۆمەڵایەتبوون دەكات بۆ ئەوەی بگونجێ لەگەڵ یاسا و ڕێساكانی كۆمەلگەكەی /پەروەردە مندال فێری بەكۆمەلایەتیبوون دەكات بۆ ژیان لە نێو كۆمەلگادا و ئامادەی دەكات بۆ هەبوونی ڕۆلێكی دیاریكراو\ لەچوارچێوەیەكی پەرەردەیی و زانستییدا، تاك فێردەكات لەناو كۆمەلگایی خۆی ڕۆلێكی دیاریكراوی هەبێ لە دامەزراوەكانی دەولەت یان بازرگانی...هتد
- ژیانی كۆمەلایەتی بە هەموو ئالۆزییەكانییەوە لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی دیكە دەگوازرێتەوە لە ڕێگەی پەروەردە كولتور بۆ نەوەكانی داهاتوو دەگوازێتەوە \ بەشێوەیەكی تر پەروەردە\ سروشتی پەروەردە وایە كە دەبێتە هۆی گواستنەوەی كولتوور لە ڕێگەی گواستنەوەی بەرهەمەكانی نەوەیەكی بۆ نەوەی داهاتوو لە ڕێگەی كتێب و ئامراز و هەموو داهێنانەكانی دیكە
- پەروەردە تاك فێری دیسپلین دەكات\ دیسپلین بە هەمان شێوە ئامرازێكیشە بۆ گەشە پێدانی ڕەوشتی مندال\دوركهایم پێیوایە لە قوتابخانەدا، كۆمەلێك یاسا هەیە كە وا لە مندال دەكات لە كاتی خۆی ئامادەبێت، پابەندی ڕێنمایەكانی هۆلی خوێندن بێت، فێری وانەكانی بێت، وانەكانی لە مالەوە بخوێنێت، ئەمەش بەواتەی ئەوە دێت كە مندال كۆنترل بكرێت و فێربێت رێز لە یاسا و رێسایەكان بگرێت
- ئەركی پەروەردە دروستكردنی گۆرانكاریە لە بیركردنەوە و چالاكی و هەستەكانی تاك لە كۆمەلگادا

# ڕۆلی خێزان و مامۆستا و قوتابخانە لە پەرەردەی منداڵ لە ڕوانگەی دۆرکهایمەوە

- دورکهایم پێیوایە مامۆستا رۆلی هەیە لە فێرکردنی قوتابی بە دیسپلین\ مامۆستا دەتوانێت قوتابی پابەندی دیسپلینەکانی نێو قوتابخانە بکات
- دورکهایم بەهەموو شێوەیەک سزایی جەستە و توندوتیژی بەرامبەر قوتابی ڕەتکردۆتەوە، پێیوایە دەبێت پەروەردە هیوات بۆ مندال دروستبکات
- پۆلی خوێندن وەکو ناوەندەکە بۆ پێگەیاندنی مندال لە ڕووی رەوشتیەوە و ئامادەی دەکات بۆ نێو ژیانی کۆمەلگەکەی
- خێزان ڕۆلی کاریگەری هەیە لە پەروەردەی منداڵدا\ دورکهایم پێیوایە خێزان ڕۆلی هەیە لە پەروەردەی ڕەوشتی مندال، بەلام مندال فێری دیسپلین ناکات بەباشی چونکە مندال وا هەست دەکات کە ئەمەی خێزان دەکات هاوکارییە و بەشێوەیەکی هەستی و عاتفی وەریدەگرێت، بەلام قوتابخانە مندال فێری ریزگرتن لە یاساکان و چونیەتی ئەنجامدانی کارەکەی دەکات

# سەرچاوەکان

Barnes, M.G. (1977). Emile Durkheim's Contribution to the Sociology of Education, *The Journal of Educational Thought,* 3(11).

Ottaway, A. K. C.(1999). The Educational Sociology of Émile Durkheim, *The British Journal of Sociology*, 6(3).

Giddens, A. (1971). *Capitalism and modern social theory: an analysis of the writings of Marx, Durkheim and Max Weber*. Cambridge: Cambridge university press

Durkheim, E. (1960). *the division of labor in society 4th ed*. New York: The Macmillan Company.